هەرێمی کوردستان ـ عێراق | إقليم كوردستان ـ العراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | رئاسة مجلس الوزراء
سکرتاریەتی ئەنجومەن | سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

No: ١٠٢٣٨ ژمارە:
Date: ٢٠١٩/١١/٢٥ ڕێکەوت: ٤ / ٩ / ٢٧ی کوردی

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ناردنی پرۆژە یاسا

دوابەدوای نووسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران/ سـکرتاریەتی ئەنجـومەن ژمـارە (٨٦٨٥) لە ٢٠١٩/١٠/٢٧، هاوپێچ لەگەڵ نووسراومان و لە ڕێگەی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وێنەیەك لە پـرۆژە یاسـای (مـاددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردسـتان-عێـراق) دەنێـرین بۆتـان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە بە بڕیاری ئەنجـومەنی وەزیـران لە کۆبـوونەوەی ئاسـایی خـۆی ژمـارە (١٠) لە ٢٠١٩/١٠/١٦ پەسەند کرا و لەلایەن ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی پێویستی لەسەر کـراوە. بفەرمـوون بە وەرگرتنی تـاوەکو بخـرێتە بەرنـامەی کاری پەرلەمـان بـۆ بڕیـاردان و ئاگادارکردنەوەمـان لە ئەنجام.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ:**
پرۆژە یاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

د. ئامانج ڕەحیم
سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە:                                                                 No:

ڕێکەوت:      /      /      ٢٧ی کوردی                                   Date:

***وێنەیەک بۆ:***

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان/ ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٩١) لە ٢٠١٩/١١/١٩، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ بەرایییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شووڕای هەرێم، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

## پرۆژە

# یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی -1-**

بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم**: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم**: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

**سێیەم**: وەزیر: وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

**چوارەم**: سەندیکای درمانسازان: سەندیکای دەرمانسازان لە هەرێم.

**پێنجەم**: سەندیکای پزیشکان: سەندیکای پزیشکان لە هەرێم.

**شەشەم: مادده هۆشبەرەکان**: هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی لە خشتەکانی (یەکەم) و (دووەم) و (سێیەم) و (چوارەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**حەوتەم: کارتێکارە عەقلییەکان**: هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی لە خشتەکانی (پێنجەم) و (شەشەم) و (حەوتەم) و (هەشتەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**هەشتەم: پێشینە کیمیاییەکان**: ئەو توخم یان پێکهاتە کیمیاییانەی دەچنەناو دروستکردنی داودەرمانی پزیشکی خاوەن کاریگەری دەروونی ئەوانەی ووردەکارییەکانی لەهەردوو خشتەی (نۆیەم) و (دەیەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**نۆیەم: بازرگانی نارەوا**: چاندنی مادده هۆشبەرەکان یان بازرگانیکردن پێیان یان بازرگانیپێکردن بە کارتێکارە عەقلییەکان یان بە پێشینە کیمیاییەکان بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دەیەم: هاوردەکردن**: هێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان – عێراق.

# پرۆژە

# یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی -١-**

بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

**چوارەم:** سەندیکای درمانسازان: سەندیکای دەرمانسازان لە هەرێم.

**پێنجەم:** سەندیکای پزیشکان: سەندیکای پزیشکان لە هەرێم.

**شەشەم: مادده هۆشبەرەکان:** هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی لە خشتەکانی (یەکەم) و (دووەم) و (سێیەم) و (چوارەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**حەوتەم: کارتێکارە عەقلییەکان:** هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی لە خشتەکانی (پێنجەم) و (شەشەم) و (حەوتەم) و (هەشتەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**هەشتەم: پێشینە کیمیاییەکان:** ئەو توخم یان پێکهاتە کیمیاییانەی دەچنەناو دروستکردنی داودەرمانی پزیشکی خاوەن کاریگەری دەروونی ئەوانەی ووردەکارییەکانی لەهەردوو خشتەی (نۆیەم) و (دەیەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**نۆیەم: بازرگانی نارەوا:** چاندنی مادده هۆشبەرەکان یان بازرگانیکردن پێیان یان بازرگانیپێکردن بە کارتێکارە عەقلییەکان یان بە پێشینە کیمیاییەکان بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دەیەم: هاوردەکردن:** هێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان – عێراق.

**یازدەم: هەناردەکردن:** بردنەدەرەوە یان گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ دەرەوەی هەرێم لە ناوەوەی عێراق یان بۆ وڵاتانی دیکە یان بە رێگەی پێدارۆیشتن (ترانزێت)، دەستەواژەی هەناردەکردن دووبارە هەناردەکردنیش دەگرێتەوە مەگەر بەڵگینەیەك هەبێت لەسەر پێچەوانەکەی.

**دوازدەم: دەستپێداگرتن و بەردەستبوون:** دەستدانان لەسەر مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان بەهەر سیفەتێك بێت و بۆ هەر مەبەستێك بێت.

**سێزدەم: دروستکردن:** گشت ئەو پرۆسانەی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکانیان پێ دەست دەکەوێت ئەمەش فلتەرکردن و گۆڕینی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی دیکە دەگرێتەوە و پرۆسەی گۆڕین بریتییە لە گۆڕین بۆ بنەچەی ماددەکە لە شێوەی یەکەمی و دروستکردنی لە شێوەی دووەمی.

**چواردەم: بەرهەمهێنان:** جیاکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان لە بنەچەی رووەکیی خۆیان.

**پازدەم: گیراوە:** هەر تێکەڵەیەکی رەق یان شل یان گازی ماددەیەکی هۆشبەر لەخۆبگرێت بەپێی ئەوەی لە خشتە هاوپێچەکانی یاسا لە ماددەی (١) یەکەم و دووەم و سێیەمدا باسکراوە.

**شازدەم: بازرگانیپێکردن:** بەرهەمهێنان و دروستکردن و دەرهێنان و گرتنەوە و بەردەستبوون و پێشکەشکردن و خستنەڕوو بۆ فرۆشتن و رەواجپێدان و دابەشکردن و کڕین و فرۆشتن و رادەستکردن بەهەر سیفەتێك بێت و دەلالیکردن و ناردن و پێدارۆیشتن بە ترانزێت و گواستنەوە و هاوردەکردن و هەناردەکردن و نێوەندگیریکردن لە نێوان دوو لایەن لە یەکێك لەو پرۆسانەی لەم بەندە باسکراون.

**حەڤدەم: رووەکی هۆشبەری هەموارکراو لە رووی جیناتەوە:** ئەو رووەکە خۆرسکانەی لە رووی جیناتەوە هەموار دەکرێن بەمەبەستی دەستکەوتنی مادده هۆشبەرەکان لێیان.

**هەژدەم: پزیشك:** پزیشکی مۆڵەتدراو بەپێی یاسای سەندیکای پزیشکان ی بەرکار کە بەڵای کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی لە زانکۆیەکی عێراقی یان ئەوەی هاوتایەتی بەدەستهێنابێت.

**نۆزدەم: دەرمانساز**: دەرمانسازی مۆڵەتدراو بەپێی یاسای سەندیکای دەرمانسازان ی بەرکار کە بەلای کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەرمانسازی لە زانکۆیەکی عێراقی یان ئەوەی هاوتایەتی بەدەستهێنابێت.

**بیستەم: رادەستکردنی چاودێریکراو**: رێگەدان بە تێپەڕبوونی باری ناڕەوا یان گومانلێکراو لە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان بەناو خاکی دەوڵەت بەرەو دەوڵەتێکی دیکە بە ئاگاداری دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی و لەژێر چاودێرییان بەمەبەستی زانینی کۆتا شوێنی مەبەستی ئەم بارە و بەدواگەڕان لە تاوانەکە و ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەنجامدەرانی و ئەو کەسانەی دەستیان هەیە لەم کارە و دەستگیرکردنیان.

**بیست و یەکەم: لیژنەی بالا**: لیژنەی بالای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان ی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمدا.

**ماددەی -٢-**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم**: پەرەپێدانی دەزگاکانی هەرێم ئەوانەی پەیوەندارن بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان یان خراپ بەکارهێنانیان.

**دووەم**: چڕکردنەوەی رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ناڕەوای مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان و سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەیان.

**سێیەم**: مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی کارای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندار بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان ئەوانەی کۆماری عێراق پەسەندی کردوون یان تیایاندا ئەندامە، لە هەرێمی کوردستان.

**چوارەم**: دەستەبەرکردنی سەلامەتیی مامەڵەکردن بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان بۆ مەبەستەکانی پزیشکی و زانستی و پیشەسازی.

**پێنجەم:** خۆپاراستن لە ئالۆودەبوون بە مادده هۆشبەرەكان یان كارتێكارە عەقلییەكان و خراپ بەكارهێنانیان و چارەسەكردنی كەسانی ئالۆودەبوو بە هەر یەكێكیان لە نەخۆشخانەكانی ئامادەسازكراو بۆ چارەسەریكردن.

## بەشی دووەم

## لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان و كارتێكارە عەقلییەكان

**ماددەی -٣-**

**یەكەم:** لە وەزارەت لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان و كارتێكارە عەقلییەكان) دادەمەزرێت.

**دووەم:** لیژنەی باڵا لە ئەندامێتیی ئەمانەی خوارەوە پێكدێت:

١. بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی كاروبارە تەكنیكییەكان لە وەزارەت.

٢. بەڕێوەبەری چاودێریی تەندروستیی دەروونی.

٣. بەڕێوەبەری پەیمانگەی پزیشكیی دادیی.

٤. بەڕێوەبەری دەستەی گومرگەكان.

٥. پۆلیسی گومرگ.

٦. نوێنەرێكی ئەم لایەن و وەزارەتانەی خوارەوە كە پلەكەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت:

أ- دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

ب- وەزارەتی داد.

ج- وەزارەتی دارایی و ئابوری.

د- وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی.

هـ- وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.

و- وەزارەتی ناوخۆ.

ز- دەزگای ئاسایش.

٧. نوێنەری هەر یەکە لە سەندیکای پزیشکان و دەرمانسازان.

**چوارەم**: وەزیر فەرمانبەرێکی وەزارەت وەك بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەستنیشان دەکات.

**پێنجەم**: سەرۆکی لیژنەی باڵا بۆی هەیە هەر شارەزایەك لە بواری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان بانگهێشت بکات بۆ وەرگرتنی بۆچوونی بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**ماددەی -٤-**

**یەکەم**: لیژنەی باڵا، بەلای کەم، مانگی یەکجار کۆدەبێتەوە لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی. ئەم سەرۆکەش بۆی هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکات هەر کاتێك پێویست بێت.

**دووەم**: ژمارەی یاسایی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێت و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سەرۆك ئەوا جێگرەکەی سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەکە لەئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم**: بڕیارەکانی لیژنەی باڵا لە ڕێگەی دەنگدان و بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبووانی دەنگدەر وەردەگیرێت، ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ دەدات.

**ماددەی -٥-**

لیژنەی باڵا ئەمانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم**: دانانی سیاسەتیی گشتی بۆ هاوردەکردنی هەر جۆرێکی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و هەناردەکردن و گواستنەوە و بەرهەمهێنان و دروستکردن و گیرانەوە و شیکردنەوە و چاندن و بەخاوەنبوون و بەردەستبوون و دەسبەسەرداگرتن و بازرگانییپێکردن و کڕین و فرۆشتن و رادەستکردن و وەرگرتن و نووسینی بەراچێتەی پزیشکی و سەرفکردنی لەرووی دەرمانسازی و هێنانەناوی بەهەر رێگەیەك یان نێوەندگیریی لە هەر یەكێك لەم پرۆسانە بۆ مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی یان پیشەسازی بەو مەرجەی بەپێی مۆڵەت بێت کە وەزیر دەری دەکات، لە چوارچێوەی سیاسەتیی گشتیی هەرێم.

**دووەم**: هەماهەنگیکردن و هاریکاری لەگەل وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی تایبەتمەند لە کاروباری مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێم بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم**: هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکانی حکومەتی ئیتیحادی بە وەزارەتی تەندروستیشەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**چوارەم**: دانانی ستراتیجیەتیی نیشتیمانیی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانپێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و ئامادەکردنی پلان و پرۆگرام بۆ جێبەجێکردنیان لە هەرێم.

**پێنجەم**: گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلییەکان بەپێی میتۆدی زانستی و چاکسازی و چارەسەرکردنی کەسانی ئالودەبوو.

**شەشەم**: ساڵانە دیارکردنی بڕی ئەو مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییانەی دەکرێت هاوردە بکرێن یان هەناردە بکرێن یان بگوازرێنەوە یان بەرهەمبهێنرێن یان بچێندرێن بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی.

**حەوتەم**: ساڵانە سوود وەرگرتن لە رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی گشتی دەربارەی مەترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان بازرگانیپێکردنی ناڕەوا پێیان یان خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان.

**هەشتەم**: هاندانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان لە جۆرەها بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و خراپ بەکارهێنانیان و ئەنجامدانی پێشبڕکێیەکی ساڵانە کە تیایدا پاداشتی ماددی و هاندەر و خەڵاتی نەختینە ببەخشرێت بەکەسانی براوە.

**نۆیەم**: پێشنیارکردنی دامەزراندن و پەرەپێدانی دامەزراوەی تەندروستیی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی لە میلاکی لێهاتوو بۆ ئەم چارەسەرییە لەگەڵ ئامێر و کەرەستەی پێویست.

**دەیەم**: هاندانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی پەیوەندار بە پرسەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان یان خراپ بەکارهێنانیان هەروەها کۆمەککردنیان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە.

**یازدەم**: گرێبەستکردن لەگەڵ شارەزایانی خاوەن لێهاتووی زانستی و پراکتیکی بۆ سوود وەرگرتن لێیان لە هەر بوارێك لەو بوارانەی بەشدار دەبێت لە هێنانەکایەی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**دوازدەم**: پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند لەهەر کاروبارێك لە کاروبارەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان.

**سێزدەم**: هاندانی کادیرە پزیشکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کارکردن لەو دامەزراوانەی پەیوەندارن بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵوودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان.

**چواردەم**: نوێکردنەوەی ئەو خشتانە هاوپێچی ئەم یاسایەن لە (١-١١) بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئیتیحادی بەو شێوەیەی گونجاو و رێکدەبێت لەگەڵ ئەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی لە لایەن کۆماری عێراقی فیدراڵەوە واژووکراون و پەیڕەوکراون.

**ماددەی -٦-**

**یەکەم:** لە دەزگای ئاسایش بەڕێوەبەرایەتییەك دادەمەزرێت بەناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان) و ئەفسەرێك لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕییە سەرۆکایەتی دەکات و ئەمانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانەی ئەم یاسایە سزای لەسەر داناون و دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانیان.

ب- گرتنی ئەو مادده هۆشبەرانە و کارتێکارە عەقلییانە و پێشینە کیماییانەی بەشێوەیەکی سەرپێچیکار بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە بازرگانیان پێدەکرێت.

ج- هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە هەرێم و کۆماری عێراق ئەوانەی تایبەتمەندن بە کاروباری مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان بەهەماهەنگیکردن لەگەڵ لیژنەی باڵا.

د- دۆکیومێنتکردنی داتای تایبەت بەو کەسە عێراقی و بیانیانەی لەسەر تاوانی بازرگانیپێکردنی نارەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان حوکمدراون و بەدواداچوونی چالاکییەکانی ئێستایان بۆ خۆپاراستن لە دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانی نوێ و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بۆ ئەم خۆپاراستنە.

هـ- چاودێریکردنی ئەو کەسانەی بەپێی ئەم یاسایە مۆڵەتدراون بە هاوردەکرن یان هەناردەکردن یان گواستنەوە یان دروستکردن یان بەردەستبوونی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە سنووری ئەو ڕێکسازییانەی لەم مۆڵەتانە دیارکراون و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەرهەق بە کەسانی سەرپێچیکار، و ئەو پرۆسەی چاودێریکردنەی لەم بڕگەیە دەقی لەسەرکراوە بە هەماهەنگی و بەشداربوون لەنێوان وەزارەت و سەندیکای دەرمانسازان ئەنجام دەدرێت.

و- چاودێریکردنی نێوەندەکانی گواستنەوە بۆ مسۆگەرکردنی بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوە لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی بەپێی ئەم یاسایە سزادراون و بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

ز- ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە عێراق و وڵاتە دراوسێکان و لایەنە عەرەبی و نێودەوڵەتییە پەیوەندارەکان بە کاروباری مادده هۆشبەرەکان بۆ زانینی تۆڕەکانی بازرگانیپێکردن بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان.

ح- جێبەجێکردنی حوکمە دادگەرییەکان و فەرمانەکانی دەستگیرکردنی دەرکراو لە لایەنە عێراقییەکان ئەوانەی لە رووی یاساییەوە تەخویلکراون دەرهەق بەو تۆمەتبار و حوکمدراوانەی لە هەرێمن.

گ- جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکانی هاوکاریی یاسایی و دادوەریی و ئاسایشی و رادەستکردنی تاوانباران لە نێوان عێراق و وڵاتانی دیکە لەوەی تایبەتە بە تۆمەتباران و حوکمدراوانی غەیرە عێراقی ئەوانەی لە هەرێم دەستگیرکراون لەسەر پرسەکانی بازرگانیپێکردن بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان یان خراپ بەکارهێنانیان ئەویش بەپێی ئەو رێسایانەی پەیرەوکراون لەم بارەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە ئیتیحادییە پەیوەندارەکان.

ی- هاوکاریکردن لەگەڵ وەزارەت لە چوارچێوەی ستراتیجیەتی نیشتیمانیی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە وەزارەت بۆ رێکخستنی خولی راهێنان بۆ میلاکی ئاسایشی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بەو شێوەیەی لێهاتوویان پەرەپێدەدات و ئەزموونیان گەشەپێدەدات لە بواری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردنی ناڕەوا یان خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلییەکان.

**دووەم**: لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان دادەمەزرێت ودەبەسترێتەوە و بە دەزگای ئاسایش لە هەرێم.

**ماددەی -٧-**

**یەکەم**: لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەنتەرێکی شیاندنی کەسانی ئاڵوودەبوو بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان دادەمەزرێت ئەوانەی بڕیاری ئازادکردنیان دەدرێت بە بڕیارێکی دادوەریی یان لە فەرمانگەی چاکسازیی یان فەرمانگەی چاکسازیی نەوجەوانان ئازاد دەکرێن بەکۆتایی پێهاتنی ماوەی حوکمەکانیان یان هێنانەدەرەوەیان لە نەخۆشخانە یان راگرتنی هامشۆکردنیان بۆ نۆرینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەو لیژنانەی پەیوەندارن بە بارەکانیان بڕیاری ملکەچکردنیان دەدەن بۆ پرۆگرامێکی شیاندن بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و کردنەوەی سەنتەری دیکە لە پارێزگاکان بەپێی پێویستی.

**دووەم:** ئەو سەنتەرەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە هەڵدەستێت بە لەئەستۆگرتنی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ شیاندنی ئەوانەی بەنیازن پیشەیەکی دیارکراو فێرببن کە لەگەڵ لێهاتوویان بگونجێت و بەکاریان بخەن بەو شێوەیەی سەرچاوەی داهاتێکی گونجاویا بۆ دەستەبەر دەکات و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاودێریکردنی دواتری بڕیاردراو بۆیان.

**سێیەم:** سەنتەر بۆی هەیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەی پشت ببەستێت بە پسپۆڕی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕێنوێنیکاری ئاینیی لێهاتوو بۆ چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان.

**چوارەم:** سەنتەر لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دەبێت و فەرمانبەرێکی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی سەرۆکایەتی دەکات کە ڕاژەکەی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.

## بەشی سێیەم

## مۆڵەتدانی هاوردەکرن و هەناردەکردن و گواستنەوە و مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەت

**ماددەی -٨-**

**یەکەم:** هاوردەکردنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و هەناردەکردنیان و گواستنەوەیان بە مۆڵەت یان بە ڕەزامەندی وەزیر دەبێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکانی ئاسایش.

**دووەم:** مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵی شیاو بۆ نوێکردنەوە دەبەخشرێت و لە ٣١ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك کۆتایی دێت بەکارپێکردنی.

**سێیەم:** لەبەخشینی مۆڵەت سنووری بڕی ئەو مادده هۆشبەرە یان کارتێکارە عەقلییە یان پێشینە کیمیاییانە ڕەچاو دەکرێت کە لیژنەی باڵا ڕەزامەندیداوە لەسەر هاوردەکردنیان یان هەناردەکردنیان یان گواستنەوەیان لەو ساڵەی مۆڵەتەکەی تیادا بەخشراوە.

**ماددەی -٩-**

نابێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە بکرێت یان هەناردە بکرێت یان بگوازرێتەوە یان بچێندرێت یان بەرهەمبهێنرێت یان دروستبکرێت یان بەخاوەنبکرێت یان بەکاربهێندرێت یان بەردەستبکرێت یان دەستپێداگرتنی بکرێت یان بفرۆشرێت یان بکڕدرێت یان رادەست بکرێت یان بازرگانی پێبکرێت یان لە رووی پزیشکییەوە سەرفبکرێت یان بەنووسینی راچێتە بدرێت یان سەودای پێبکرێت یان دەستیلێهەڵبگرن بەهەر سیفەتێك بێت یان نێوەندگیریکردن لە شتێکی ئەمانە تەنها بۆ مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی نەبێت و لەو حاڵەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لە سەرکراوە.

**ماددەی -١٠-**

**یەکەم:** نابێت ئەو مۆڵەتەی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە ببەخشرێتە هیچ لایەنێك جگە لەم لایەنانەی خوارەوە:

أ- فەرمانگەکانی هەرێم و پەیمانگە زانستییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی دانپێنراو ئەوانەی پسپۆڕییەکانیان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان دەخوازێت.

ب- خاوەنی کارگەکانی شیکردنەوەی کیمیایی یان پیشەسازی یان خۆراکیی یان هی دیکە ئەوانەی کارەکانیان بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی دەخوازێت.

ج- خاوەنی ئەو کارگە و شوێنانەی مۆڵەتدراون بە دروستکردنی ئەو داودەرمانانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی دەچێتە ناو پێکهاتەکانیان.

د- نووسینگەکانی راگەیاندنی داودەرمانیی مۆڵەتدراو.

**دووەم:** وەزیر بەبڕیارێکی هۆدار بۆی هەیە بەخشینی ئەو مۆڵەتە رەتبکاتەوە ئەگەر ئەو مەرجانەی لەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە لێی نەهێتەدی.

**سێیەم:** بڕیاری وەزیر بە رەتکردنەوە شیاوی تانەلێدان دەبێت بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق ی بەرکار یان هەر یاسایەکی دیکە جێگەی بگرێتەوە.

**ماددەی -١١-**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر ئەو کەسەی مۆڵەتدراوە بە هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی داواکارییەك پێشکەش بکات بۆ وەزارەت تیایدا ناو و ناونیشانی کارەکەی و ناوی ئەو ماددە هۆشبەرە یان کارتێکارە عەقلییانە بخاتەڕوو کە بەنیازە هاوردەیان بکات یان هەناردەیان بکات یان بیانگوازێتەوە لەگەڵ سروشت و بڕەکانیان و ئەو مۆڵەتەی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی پێی بەخشراوە لە حکومەتی ئەو وڵاتەی لێی هاوردەکراوە و ئەو هۆیانەی دەبنە پاساو بۆ کارەکەی و ڕێکەوتەکەی بەشێوەی نزیکەیی لەگەڵ گشت ئەو داتایانەی وەزارەت لێی داوا دەکات.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە داواکارییەکە قەبوڵ بکات یان ڕەتبکاتەوە یان ئەو بڕەی تیایدا دیارکراوە کەمبکاتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مەبەست و حاڵەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە.

**ماددەی -١٢-**

**یەکەم:** نابێت ئەو ماددە هۆشبەرانەی یان کارتێکارە عەقلییانەی یان پێشینە کیمیاییانەی دەگەنە هەر فەرمانگەیەکی گومرگیی رادەست بکرێن تەنها بەمۆڵەتی ڕاکێشانی نەبێت کە وەزیر یان ئەوەی رایدەسپێرێت دەری دەکات و گشت داتا پێویستەکانی لەسەر نووسرابێت.

**دووەم:** پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی گومرگ لە دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان لە حاڵەتەکانی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوە بە پێداروێشتن (ترانزێت) مۆڵەتی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوە لە کەسانی پەیوەندار وەربگرن و ڕەوانەی وەزارەتی بکەنەوە و وێنەیەك لەم مۆڵەتە بپارێزرێت لەلای فەرمانگەکانی گومرگ یان فرۆکەخانە و کەسی پەیوەندار بەو مەرجەی هێنانەناوەوەی بۆ لایەنی هاوردەکراو بە پاسەوانیی گومرگیی بێت.

**سێیەم:** مۆڵەتەکە بەهەڵوەشاوە دادەندرێت ئەگەر لە ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی کاری پێ نەکرێت و وەزیر یان ئەوەی رای دەسپێرێت بۆی هەیە ئەم ماوەیە دواتر لە کاتی پێویستی بۆ ماوەیەکی هاوشێوە درێژبکاتەوە.

**ماددەی -١٣-**

**یەکەم**: نابێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە بکرێت تەنها ئەگەر تۆمارکرابێت لە تۆمارنامەکانی وەزارەت لە رێکەوتی دەرچوونی مۆڵەتی هاوردەکردنەکە و شیاوبوونی بۆ بەکارهێنانی چەسپێندراو بێت و وەکیەك بێت لەگەڵ ئاکار و داتای هاتوو لە مۆڵەتی هاوردەکردن بەپێی راپۆرتێکی تاقیگەکانی چاودێریکردنی داودەرمان.

**دووەم**: وەزارەت رێکارەکانی دڵنیابوون لە شیاوبوون و وەکیەکی بە رێنمایی رێکدەخات کە وەزیر دەری دەکات.

**ماددەی -١٤-**

نابێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە بکرێت یان هەناردە بکرێت یان بگوازرێتەوە لە ناو پاکێجێك کە ماددەی دیکەی تێدابێت و پێویستە ناردنی (هەتا ئەگەر نموونەش بێت) لە ناو ئەو پاکێجانە بێت کە دڵنیایی بوونی لەسەرکراوە، و پێویستە بەتەواوەتی ناوی ماددە هۆشبەرەکە یان کارتێکارە عەقلییەکەی لەسەر نووسرابێت لەگەڵ سروشت و بڕ و رێژە و رێکەوتی بەرهەمهێنانی و رێکەوتی نەمانی کاریگەرییەکەی.

**ماددەی -١٥-**

**یەکەم**: نابێت ئەو مۆڵەتەی لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە ببەخشرێتەوە ئەمانەی خوارەوە:

أ- ئەوەی حوکمدراوە لەسەر تاوانی جینایەت یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

ب- ئەوەی حوکمدراوە بە تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە.

**دووەم:** مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەنـدرێت ئەگەر حوکمێکی بنبڕ لەسەر خاوەنەکەی دەربچێت بەیەکێك لەو تاوانانە یان سزایانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە.

**سـێیەم:** مۆڵـەتی بازرگـانیپێکردن بـە مـاددە هۆشـبەرەکان و کارتێکـارە عەقلییـەکان و پێشـینە کیمیاییەکان نابەخشرێت تەنها بە کەسێکی دەرمانسازی مۆڵەتدراو نـەبێت یـان دروستکاری داودەرمان بێت، یان بۆ ئەو لایەنانەی لە ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە.

**چوارەم:** خاوەنی ئەو شوێنانەی مۆڵەتدراون بە بازرگانیپێکردن بە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان بۆیان نییە شوێنەکانیان یان ئەو ماددانەی تیایاندایە بفرۆشن یان رادەستی بکەن یان دەستی لێهەڵبگرن تەنها بۆ ئەو لایەنانە نەبێت کە لە بەندی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە یان بۆ ئەو کەسانەی مۆڵەتدراون بە بازرگانیپێکردن بەو ماددانە بەپێی یاسای پیادەکردنی پیشەی دەرمانسازیی بەرکار ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ یان هەر یاسایە جێگەی بگرێتەوە، بەو مەرجەی لایەنی پەیوەندار لە وەزارەت لەم بارەیەوە ئاگادار بکرێتەوە و ئەو لایەنانەی لەم مامەڵانە بەشدارن بخرێنەڕوو.

**پێنجەم:** وەزیر رێنمایی دەردەکات بۆ دیاریکردنی ئەو مەرجانەی پێویستن لەو شوێنە بهێنەدی کە مۆڵـەت دەدرێـت بـۆ بازرگـانیپێکردن بـە مـاددە هۆشـبەرەکان و کارتێکـارە عەقلییـەکان و پێشـینە کیمیاییەکان.

## بەشی چوارەم

## نووسینی راچێتەی پزیشکی و سەرفکردنی دەرمانسازان بۆ ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان

**ماددەی -١٦-**

**یەکەم:** پزیشك بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بۆ هیچ نەخۆشێك بنووسێت تەنها بەمەبەستی چارەسەرکردنی پزیشکی نەبێ و بەپێی ئەو رێنمایی و رێکسازییانەی وەزارەت لەم بارەیەوە دەریان دەکات.

**دووەم:** قەدەغەیە پزیشك هیچ برێك لە مادده هۆشبەرەكان یان كارتێكارەكان عەقلییەكان بۆ خۆی بنووسێت بۆ بەكارهێنانی تایبەت.

**ماددەی -١٧-**

تاكەكەسەكان بۆیان هەیە چارەسەری پزیشكی تایبەت بەخۆیان كە ماددەی هۆشبەر و كارتێكاری عەقلی لەخۆ دەگرێت بەردەست بكەن تەنهاوتەنها لەبەر هۆكاری تەندروستی، و لە سنووری ئەو برانەی پزیشك دەیانووسێت، و نابێت دەستی لێهەڵبگرن بۆ كەسانی دیكە لەبەر هەر هۆیەك بێت.

**ماددەی -١٨-**

**یەكەم:** كەسی دەرمانساز بۆی نییە مادده هۆشبەرەكان یان كارتێكارە عەقلییەكان سەرف بكات تەنها بەپێی راچێتەیەكی بنەمایی نووسراو لە لایەن پزیشكێكەوە نەبێت یان بەپێی پسوولەی مۆڵەتی دەركراو لە لایەن وەزارەت كە مادده هۆشبەرەكە و كارتێكارە عەقلییەكە و برەكانیان دیار دەكات.

**دووەم:** وەزیر بەیانێك دەردەكات بەو مەرجانەی پێویستە بهێنەدی بۆ بەدەستكەوتنی ئەو پسوولانەی مۆڵەت كە لە بەندی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەركراوە لەگەڵ ئەو داتایانەی پێویستە هەبن و ئەو لایەنە كارگێڕییەی تایبەتمەند دەبێت بە دەركردنی و ئەو برانەی نابێت زیاتر لێیان سەرف بكرێت بۆ خاوەنی پسوولەكە.

**سێیەم:** نابێت پسوولەی مۆڵەت ببەخشرێتە هیچ كەسێك جگە لەمانەی خوارەوە:

أ- پزیشك.

ب- ئەو پزیشكانەی كە نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكان ناویان دەهێنن ئەوانەی كە دەرمانسازیان لێ نییە.

**ماددەی -١٩-**

وەزیـر ڕێنمـایی دەردەکـات بـۆ دیـارکردنی ئـەو داتـا و مەرجانـەی پێویسـتە بهێنـەدی لـە نووسـینی ڕاچـێتەی پزیشـکی و پسـوولەکانی مۆڵـەت کـە بـەپێیان مـاددەی هۆشـبەر یـان کارتێکـاری عـەقلی لـە دەرمانخانـەکان سـەرف دەکرێن، و بـۆی هەیـە ئـەو مـاددە و بڕانـەی نابێـت مانگانـە زیـاتر لێیـان سـەرف بکرێت بۆ هەر نەخۆشێك دیار بكات.

**ماددەی -٢٠-**

بەبەیانێك کە وەزیری تەندروستی دەری دەکات ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و ئـەو یەکانـەی سەر بەوانـە لە کەرتی گشتی و تێکـەڵاو و تایبـەت یـان بـۆ ڕێکخراوێکـی نـاحکومی کـە خزمـەتگوزاریی و چـاودێریی تەندروسـتی دەبەخشێتە نەخۆشەکان، دیار دەکرێت.

## بەشی پێنجەم

## دروستکردنی ئەو گیراوە پزیشکییانەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی لەخۆدەگرێت

**ماددەی -٢١-**

**یەکەم**: کارگەکانی داودەرمان بۆیان نییە ئەو گیراوە پزیشکییانە دروست بکەن کە مـاددەی هۆشـبەر یـان کارتێکـاری عـەقلی یـان پێشـینەی کیمیـایی دەچـێتە نـاو پێکهاتەکـەی تـەنها لـەدوای وەرگرتنـی ئـەو مۆڵەتە نەبێت کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە.

**دووەم**: کارگـەکانی داودەرمـان بۆیـان نییـە مـاددەی هۆشـبەر یـان کارتێکـاری عـەقلی یـان پێشـینەی کیمیـایی کـە دەسـتیان کـەوتووە بـەکاری بهێنن تـەنها لـە دروستکردنی گیراوەی پزیشکی نـەبێت بـەپێی ڕێنمایی کە وەزیر دەری دەکات.

## بەشی شەشەم

## ئەو رووەکانەی چاندنیان قەدەغەیە

**ماددەی -٢٢-**

چاندن یان هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان بەخاوەنبوون یان دەستپێداگرتن یان بەردەستبوون یان کڕین یان فرۆشتن یان گواستنەوە یان رادەستکردن یان گۆڕینەوە یان دەست لێهەڵگرتنی ئەو رووەکانە قەدەغەیە کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی دەقنووسکراو لە خشتەی یەکەمی هاوپێچی ئەم یاسایە دێنێتەبەرهەم لەگشت قۆناغەکانی گەشەکردنی، هەروەها تۆیەکانیشی یان گۆڕینەوە پێیان یان نێوەندگیریی لەهەر شتێکی لەم بابەتە تەنها بۆ مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی نەبێت و لەو حاڵەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە، لەوانەش خەشخاش و ئەفیۆن و رووەکی گوش (قنب) و دەوەنە کۆکا (جنبە الکوکە) و قات و ئەو رووەکانی ئەمانە لەخۆ دەگرن و ئەوانەی لە رووی جیناتەوە هەموارکراون کە کاریگەریی هەمان ماددە هۆشبەرەکەیان هەیە.

## بەشی حەوتەم

## تۆمارکردنی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و چاودێریکردن و پشکنینیان

**ماددەی -٢٣-**

پێویستە لەسەر بەرپرسانی دەرمانخانەکان و ئەو شوێنانەی مۆڵەتدراون بە هاوردەکردنی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان یان بەکارهێنانیان دەرخستەیەکی واژووکراو بەووردەکارییەوە بۆ ئەو لایەنە کارگێڕییەی وەزارەت دیاری دەکات بنێرن بەو ماددە هۆشبەرانە یان کارتێکارە عەقلییانەی وەریان گرتووە و سەرفیان کردووە و ئەوەی ماوەتەوە لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ لە بەسەرچوونی وادەی ئەو (٩٠) نەوەت رۆژەی لە بەندی (سێیەم)ی ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە بەپێی ئەو نموونانەی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیان دەکات و بەسەر دامەزراوە تەندروستییە حکومی و ناحکومییەکان و نۆڕینگەکانی پزیشکانیش پیادە دەکرێت.

**ماددەی -٢٤-**

**یەکەم:** لە وەزارەت داتابێسێك ڕێکدەخرێت تایبەت بەو کەس و دەستانەی مۆڵەتدراون بە هاوردەکردن و هەناردەکردن و گواستنەوە و دروستکردنی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان.

**دووەم:** ئەو داتایانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە بۆ ماوەی (٢٠) بیست ساڵ لە ڕێکەوتی دوایین ئەو نووسینەی تیایدا ئەنجامدراوە، دەپارێزرێن.

**سێیەم:** ئەو نووسینی ڕاچێتە پزیشکییانەی لە ماددەی (١٨)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لەو ڕێکەوتی لەسەری چەسپاوە دەپارێزرێن.

**ماددەی -٢٥-**

**یەکەم:** وەزارەت پابەند دەبێت بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی تایبەتمەند لە دەروازە سنوورییەکان و دەسەڵاتەکانی گومرگیی لە هەرێم دەربارەی سروشت و جۆر و بڕی ئەو ماددە هۆشبەرانەی دەویسترێن هاوردە بکرێن لەگەڵ ڕاسپاردنی کەسێکی دەرمانساز لەهەر دەروازەیەکی سنووری بۆ پشکنینی ئەو ماددانەی دەویسترێن هاوردە بکرێن و وەکیەککردنیان لەگەڵ مۆڵەتی هاوردەکردن و ئامادەکردنی کۆنووسێك لەم بارەیەوە کە وێنەیەکی ڕادەستی هەریەك لە لایەنی تایبەتمەند لە دەروازەکان و دەسەڵاتەکانی گومرگی لە هەرێمی وێڕای وەزارەت.

**دووەم:** ئەو ماددە هۆشبەرانەی بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە وەرگیراون ڕەوانە دەکرێن بۆ کۆگاکانی داودەرمانی سەر بە وەزارەت و ئینجا ڕادەستی لایەنە هاوردەکارەکان دەکرێت.

**بەشی هەشتەم**

**سزاکان**

**ماددەی -٢٦-**

هەر کەسێك یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت:

**یەکەم**: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە کردبێت یان هێنابێت یان هەناردە کردبێت به مەبەستی بازرگانیپێکردنی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

**دووەم**: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەرهەمهێنابێت یان دروستی کردبێت بە مەبەستی بازرگانیپێکردنی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

**سێیەم**: رووەکێکی چاندبێت کە ماددەی هۆشبەری یان کارتێکاری عەقلی لێ بەرهەمدێت یان رووەکێکی لەم رووەکانە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی هاوردە کردبێت یان هێنابێت یان هەناردە کردبێت بەمەبەستی بازرگانیپێکردنی یان بازرگانیپێکردن بە تۆیەکانی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

**ماددەی -٢٧-**

یەکەم: هەر کەسێك یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی یان کاتیی و بە پێبژاردنێك کەمتر نەبێت لە (١٠,٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە (٣٠,٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن دینار سزا دەدرێت:

١. ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاتوو لە خشتەی ژمارە (١)ی ئەم یاسایە یان رووەکێك لەو رووەکانەی ماددەی هۆشبەری یان کارێکاری عەقلیی لێ بەرهەمدێت بەردەست بووبێت یان دەستیپێداگرتبێت یان کڕیبێت یان فرۆشتبێت یان بەخاوەنی بووبێت یان رادەستی کردبێت یان وەری گرتبێت یان گواستنەوەی بۆ کردبێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت یان گۆڕینەوەی تێداکردبێت یان سەرفی کردبێت بەهەر سیفەتێك بێت یان نێوەندگیریی کردبێت لەهەر شتێك لەمانە، بەمەبەستی بازرگانیپێکردنی بەهەر شێوەیەك بێت ئەویش لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٢. ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی پێشکەش کردبێت بۆ بەکارهێنان یان بەشداربووبێت یان هاندەربووبێت لەسەر بەکارهێنانی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٣. مۆڵەتدراوە بە بەردەستبوونی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاتوو لە خشتەی ژمارە (١، ٢، ٣) بۆ بەکارهێنانی لە مەبەستێکی دیارکراو بەڵام بەپێچەوانەی ئەم مەبەستە رەفتاری پێکردبێت.

٤. شوێنێکی بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان بەڕێوەبردووە یان ئامادەکردووە یان رەخساندووە.

٥. نەوجەوانێکی گومڕاکردووە یان هەر کەسێکی دیکەی هانداوە لەسەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان.

**دووەم**: سزا دەدرێت بە بەندکردنی توند و بە پێبژاردنێك کەمتر نەبێت لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە (١٠,٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار هەر کەسێك:

١- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاتوو لە خشتەکانی ژمارە (٢، ٣، ٤، ٥)ی ئەم یاسایە بەردەستکردبێت یان دەستپێداگرتبێت یان کڕیبێت یان فرۆشتبێت یان رادەستی کردبێت یان وەری گرتبێت یان گواستنەوەی بۆ کردبێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت یان ئاڵوگۆڕی تێداکردبێت یان سەرفی کردبێت بەهەر سیفەتێك بێت یان نێوەندگیری کردبێت لە شتێك لەمانە، بە مەبەستی بازرگانیپێکردنی بەهەر شێوەیەك بێت لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٢- بەهەمان سزای هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە سزا دەدرێت هەر کەسێك ماددەیەکی هۆشبەر یان کارتێکارێکی عەقلی یان پێشینەیەکی کیمیایی یان رووەکێك لەو رووەکانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی لێبەرهەمدێت بەردەستبووبێت یان دەستی پێداگرتبێت یان کڕیبێت یان فرۆشتبێت یان بەخاوەنی بوونی بێت یان رادەستی کردبێت یان وەری گرتبێت یان گواستنەوەی بۆ کردبێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت یان ئاڵوگۆڕی تێداکردبێت یان سەرفی کردبێت بەهەر سیفەتێك بێت یان نێوەندگیری کردبێت لەهەر شتێك لەمانە بەمەبەستی بازرگانیپێکردنی بەهەر شێوەیەك بێت لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە بۆ ئەو ماددانەی هاتوون لە خشتەکانی دیکەی ئەم یاسایە کە بریتیین لە (٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠)ی هاوپێچی ئەم یاسایە.

**ماددەی -٢٨-**

هاتنەکایەی یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە بە بارودۆخی توندکردن دادەنرێت بۆ ئەو سزایانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە:

**یەکەم:** گەڕانەوە بۆ تاوان، وە لە سەلماندنی گەڕانەوە بۆ تاوان گشت ئەو حوکمە دادگەرییە نیشتیمانییانە و بیانییانە رەچاو دەکرێن کە تاوانبارکردنی تێدایە بەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە.

**دووەم:** ئەگەر کەسی بکەر فەرمانبەرێك بێت یان کەسێکی راسپێردراو بێت بە راژەی گشتی ئەوانەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیپێکردن یان بەکارهێنانی ناڕەوا بە ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان یان چاودێریکردنی ئاڵوگۆڕکردنی یان بەردەستبوونیانیان پێ سپێردراوە.

**سێیەم:** ئەگەر کەسی بکەر بەشداربووبێت لە باندێکی نێودەوڵەتی یان کردارەکەی هاوکات بێت لەگەڵ تاوانێکی پێشێلکار بۆ ئاسایشی نێوخۆیی یان دەرەکی دەوڵەت.

**چوارەم:** ئەگەر کەسی بکەر توندوتیژی یان چەك لە ئەنجامدانی تاوانەکەی بەکاربهێنێت.

**پێنجەم:** ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابێت لە شوێنێکی خواپەرستی یان لە دامەزراوەیەکی فێرکاریی سەربازی یان مەدەنی یان لە زیندانیخانەیەك یان گرتووخانەیەك یان شوێنێکی دەستگیرکردن یان چاکسازییەکی نەوجەوانان یان لانەیەکی لەخۆگرتنی کەسانی بێلانە و دەرۆزەکار یان بۆ چاودێریکردنی هەتیوان یان یانەیەکی وەرزشی یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**ماددەی -٢٩-**

**یەکەم:** هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێك یان راسپێردراوێك بەراژەی گشتی لەوانەی هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی یاسا یان رووبەڕوویان بووەوە بەهێز یان بەتوندوتیژی یان بەچەك لەکاتی بەجێگەیاندنی وەزیفە یان بەهۆیەوە بێت ئەوا بە زیندانیکردنی کاتیی سزا دەدرێت.

**دووەم:** ئەگەر یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە بێتەکایەوە ئەوا سزایەکە دەبێتە زیندانیکردنی هەتاهەتایی:

أ- ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە پەککەوتەبوونێکی هەمیشەیی لێ دروست بێت.

ب- ئەگەر کەسی بکەر لەو فەرمانبەرانە بێت ئەوانەی نەهێشتنی تاوان یان پاراستنی ئاسایشی گشتییان پێ راسپێردرابێت.

**سێیەم:** ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە بووە هۆی مردنی تاوانلێکراو ئەوا سزایەکە دەبێتە لەسێدارەدان.

**ماددەی -٣٠-**

هەر پزیشکێك راچێتەیەکی پزیشکی بنووسێت بۆ سەرفکردنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بۆ جگە لە مەبەستەکانی چارەسەریی پزیشکی لەگەڵ پێزانینی بەم کارە ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٣) سێ مانگ کەمتر نەبێت و بەپێبژاردنێك لە (٣,٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥,٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەم دوو سزایە لەگەڵ قەدەغەکردنی پیادەکردنی پیشەکەی بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ. وە هەر دەرمانسازێك هەڵبستێت بە سەرفکردنی ئەم ماددانەی بەبێ راچێتەیەکی پزیشکی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوا هەمان سزای دەبێت.

**ماددەی -٣١-**

هەر کەسێك ماددەیەکی هۆشبەر یان کارتێکارێکی عەقلی یان پێشینەیەکی کیمیایی هاوردە بکات یان بەرهەم بهێنێت یان دروستی بکات یان بەردەستی بکات یان دەستی پێدابگرێت یان بکرێت یان رووەکێك لەو رووەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی لێبەرهەمدێت بچێنێت یان بیکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی یان بەکارهێنانی کەسیی ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (١) یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و بەپێبژاردنێك لە (٥,٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠,٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی -٣٢-**

**یەکەم:** سزا دەدرێت بەبەندکردن بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت و بەپێبژاردنێك لە (٣,٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥,٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

أ- رێگە بەکەسانی دیکە بدات ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەکاربهێنن لە شوێنێکی خۆی هەتا ئەگەر بەبێ بەرامبەریش بوو بێت.

ب- بگیرێت لەهەر شوێنێك کە ئامادەکرابێت یان رەخسێندرابێت بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان و تیایدا بەکاردەهێندران لەگەڵ پێزانینی بەم کارە و حوکمی ئەم برگەیە پیادە ناکرێت بەسەر مێرد یان ژن یان بنەچە یان لقەکانی ئەو کەسەی ئەم شوێنەی باسکراوە ئامادەکردبێت یان رەخساندنی بۆکردبێت یان ئەوەی تیایدا نیشتەجێیە لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای سزاکان دەربارەی بەشداریکردن و هەواڵدان لەسەر تاوانەکان.

**دووەم:**

أ- سزا دەدرێت بە پێبژاردنێك لە (٢,٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥,٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەبڕی زیاد لەو بڕانەی دەرئەنجامن لە فرمیی پرۆسەکانی کێشکردن یان کەمتر لێیان بەردەست بکات یان دەستی پێداگرتبێت بەم مەرجەی جیاوازییەکان لەمانەی خوارەوە زیاتر نەبێت:

١- (١٠٪) ده لەسەد لەو بڕانەی لە یەك گرام زیاتر نین.

٢- (٥٪) پێنج لەسەد لەو بڕانەی لە یەك گرام زیاترن هەتا (٢٥) گرام بەو مەرجەی بڕی ڕێگەپێدراو لە (٢٥) ملی گرام زیاتر نەبێت.

٣- (٢٪) دوو لەسەد لەو بڕانەی لە (٢٥) گرام زیاترن.

٤- (٥٪) پێنج لەسەد لە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلیی شل جا بڕەکەی هەر چەند بێت.

ب- لە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ تاوان سزایەکە دەبێتە بەندکردن و پێبژاردنێك لە (٥,٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠,٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەم دوو سزایە.

**سێیەم:** هەر کەسێك بزانێت بە بوونی ئەو ڕووەکە هۆشبەرانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە کە لە شوێنێك چاندراین بۆ مەبەستی ناڕەوا و دەستپێشخەری نەکات بۆ هەواڵدان لەسەری ئەوا سزا دەدرێت بەو سزایەی لە بڕگەی (أ)ی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە.

**ماددەی -٣٣-**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری گلدانەوەی ئەو مایە گوێزراوە و نەگوێزراوانە بدات بۆ هەر کەسێك یەکێك لەو تاوانانەی ئەنجامدابێت کە لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە.

**دووەم:**

أ- پێویستە لەسەر دادگا دڵنیابێتەوە لە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو مایانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە و لێکۆڵینەوەکەش مایەکانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی مێرد و ژن و منداڵەکان یان جگە لەوان کە لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێمی کوردستان – عێراقە دەگرێتەوە.

ب- دادگا بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی مایەکانی تۆمەتبار و هاوسەر و منداڵەکانی یان بێجگە لەوان دەدات ئەگەر بۆی سەلمێنرا کە دەرئەنجامن بۆ ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە.

**سێیەم:** بانکە عێراقییەکان یان بیانییەکان ئەوانەی لە هەرێم کار دەکەن پابەند دەبن بەوەی گشت داتایەکان بدەنە دادگای تایبەتمەند بۆ ئەوەی بزانێت چیان لەلایە لە رەسید و هەڵگیراوە و سپاردە و پشك و سەند و هەر مایەکی دیکە کە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا بە گلدانەوە یان دەستبەسەرداگرتنیان.

## ماددەی -٣٤-

**یەکەم:** لە گشت حاڵەتەکان حوکم دەدرێت بە دەستبەسەرداگرتنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و ئەو رووەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەرهەمدێنن لەگەڵ ئەو کەرەستە و ئامێر و کەلوپەل و لەخۆگرتەی بەکارهاتوو و ئامرازی گواستنەوەی گیراو کە لە ئەنجامدانی تاوانەکان بەکارهاتوون ئەویش بەبێ پێشێلکردنی مافەکانی کەسانی دیکەی نیازپاك.

**دووەم:** گشت ئەو مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پاراستنیان دەنێردرێت.

**سێیەم:** حوکم دەدرێت بە داخستنی هەر شوێنێکی مۆڵەتدراو بە هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان یان بە بەردەستبوونیان پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە (١) یەك ساڵیش زیاتر نەبێت داخستنەکەش دەبێتە مایەی قەدەغەکردنی خودی کارکردنەکە یان بازرگانیپێکردنی یان دروستکردنی لە هەمان شوێن چ بەهۆی کەسی حوکمدراوەوە بێت یان یەکێك لە تاکەکانی خێزانەکەی یان هەر کەسێکی دیکە کە کەسی حوکمدراو شوێنەکەی بەکرێ پێدابێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت بۆی لەدوای روودانی تاوانەکە و قەدەغەکردنەکەش خاوەن شوێنەکە یان هەر کەسێك مافی عەینی بەسەرداهەبێت ناگرێتەوە ئەگەر پەیوەندی بە تاوانەکەوە نەبێت.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر دادگا سەرباری ئەو سزایانەی لەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە حوکم بدات بە بێبەشکردنی کەسی حوکمدراو لە پیادەکردنی کارەکەی بۆ ماوەیەك لە (١) یەك ساڵ زیاتر نەبێت وە

ئەگەر گەڕاوە بۆ هەمان تاوان لە ماوەی ئەو (٥) پێنج ساڵەی دەکەوێتە دوای دەرچوونی حوکمی کۆتایی قەدەغەکردنەکەی، ئەوا دادگا بۆی هەیە فەرمان بکات بە قەدەغەکردنی بۆ ماوەیەك لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و قەدەغەکردنەکەش لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی جێبەجێکردنی سزایەکەی یان کۆتاییهاتنی لەبەر هەر هۆیەك بێت، دەست پێدەکات.

**پێنجەم:** دادگا بۆی هەیە بڕیار بدات بە بڵاوکردنەوەی پووختەی حوکمی کۆتایی دەرکراو بە زیندانیکردن یان بەندکردن لە یەکێك لەو تاوانانەی لەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە لەسەر تێچووی کەسی حوکمدراو لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە.

**شەشەم:** دەستکردن (الشروع) بەئەنجامدانی هەر تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایە سزادراون ئەوا بە سزای تاوانی تەواو سزا دەدرێت هەروەها بەشداریکردن لە تاوان چ بە هاندان بێت یان ڕێککەوتن یان یارمەتیدان یان هەر شێوەیەکی دیکەی بەشداریکردن ئەوا بە سزای بکەری تاوانەکە سزا دەدرێت.

**ماددەی -٣٥-**

**یەکەم:** نابێت ئەوانەی تۆمەتبارن بەو تاوانانەی لە ماددەکانی (٢٧) و (٢٨) و (٣٠)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە بە دەستەبەری ئازاد بکرێن تاوەکو دەعوایەکە تێڕوانینی بۆ دەکرێت.

**دووەم:** ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە لەو تاوانانە دادەنرێن کە پێویستن بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بەپێی یاسا.

**سێیەم:** ئەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧) ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە بە تاوانی ئابڕووبەر دادەنرێن.

**ماددەی -٣٦-**

**یەکەم:** هەر کەسێك لەنێو تاوانبارەکان دەستپێشخەری بکات بە هەواڵدان بە دەسەڵاتە گشتییەکان لەسەر تاوانەکە بەر لە ئەنجامدانی و پێش هەڵسانی دەسەڵاتەکان بە گەڕان و بەدواگەڕانی ئەنجامدەرانی و زانینی بکەرەکانی دیکە، ئەوا لەو سزایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە دەبووردرێت، بەڵام ئەگەر

هەواڵدانەکە لەدوای هەڵسانی دەسەڵاتەکان بێت بەمە ئەوا لە سزاکە نابوردرێت تەنها ئەگەر هەواڵدانەکەی گرتنی ئەو تاوانبارانەی ئاسان کردبێت.

**دووەم:** بە پاساوێکی سووککار دادەندرێت بۆ ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە هەر هەواڵدانێك بە دەسەڵاتە گشتییەکان لەسەر تاوانەکە لە کاتی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن ئەگەر هەواڵدانەکە ببێتە مایەی گرتنی تاوانباران یان ئاشکراکردنی کەسانێك بەشدارییان کردبێت لە تاوانەکە و پەیوەندییان هەبێت بە باندی تاوانکاریی نێوخۆیی یان نێودەوڵەتییەوە.

**ماددەی -٣٧-**

حوکمەکانی یاسای سزاکانی بەرکار ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ یان هەر یاسایەکی دیکە جێگەی بگرێتەوە پیادە دەکرێت بەسەر هەر تاوانێك یان سەرپێچییێك کە لەم یاسایەدا نەهاتووە.

## بەشی نۆیەم

## رێوشوێنەکانی چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵوودەبوو

**ماددەی -٣٨-**

**یەکەم:** دادگا لەجیاتی سەپاندنی ئەو سزایەی لە ماددەی (٣٢)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە بۆی هەیە بڕیار بدات بەوەی گونجاوە لەمانەی خوارەوە:

أ- دانانی ئەو کەسەی دەسەلێنرێت ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەرە یان کارتێکاری عەقلییە لە یەکێك لەو دامەزراوە تەندروستییانەی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن بۆ ئەوەی تیایدا چارەسەر بکرێت تاوەکو لیژنەی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوەی حاڵەتی ئەو کەسەی لەوێ دانراوە راپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکەی بۆ دادگا بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری ئازادکردنی بدات یان درێژە بدات بە مانەوەی بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەیەکی دیکە.

ب- ئەوەی دەسەلمێنرێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەکاردەهێنێت پابەند بکات بە سەردانیکردنی نۆرینگەیەکی (دەروونی – کۆمەلآیەتی) کە بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێت، هەفتانە یەکجار یان دووجار بۆ پارمەتیدانی لەسەر دەربازبوون لە بەکارهێنانی تاوەکو پزیشکی راسپێردراو بە پارمەتیدانی راپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکەی بۆ دادگا بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدات بە راگرتنی سەردانیکردنی یان درێژەپێدانی بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەی دیکە، و نابێت بەرزکردنەوەی ئەم راپۆرتە لە (٩٠) نەوەت رۆژ دوابکەوێت لە رێکەوتی دەستکردنی نەخۆش بە سەردانیکرنی ئەم نۆرینگەیە.

ج- پابەندکردنی ئەوەی بڕیاری ئازادکردنی دەردەچێت لە دامەزراوەی تەندروستی کە سەردانی نۆرینگەیەکی (دروونی – کۆمەلآیەتی) بکات.

**دووەم:** لە وەزارەت لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ پێکدەهێنرێت بۆ کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو رێکارانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە و ئەرکی ئەو لیژنانە بە رێنمایی دیار دەکرێت کە وەزیر دەری دەکات.

**سێیەم:** ئەگەر کەسی حوکمدراو ئەو چارەسەرییەی لەم ماددەیە بۆی بڕیاردراوە رەتبکاتەوە ئەوا دادگا بۆی هەیە لە شوێنی بەندکردن دایبنێت بۆ ئەو ماوەیەی لە ماددەی (٣٢)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە.

**ماددەی -٣٩-**

**یەکەم:** ئەو کەسەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەکاردەهێنێت کە لەخۆیەوە دێتەپێش بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودەبوو ئەوا دەعوای تاوانکاریی لەسەر ئەنجام نادرێت.

**دووەم:**

أ- ئەو نەخۆشەی حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە لەژێر تێبینیکردن دادەندرێت لە دامەزراوەی تەندروستی بۆ ماوەیەك لە (٣٠) سی رۆژ زیاتر نەبێت.

ب- ئەگەر بۆ دامەزراوەی تەندروستی سەلمێنرا کە نەخۆشەکە ئالوودەیە و پێویستی بە چارەسەری هەیە ئەوا بۆی هەیە بۆ ماوەیەك لە (٩٠) نەوەت رۆژ زیاتر نەبێت بیهێڵێتەوە.

